# ئەنجامەکانی راپرسی رای گشتی لەسەر  بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان

**وەزارەتی پلاندانان**

**دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان**


**2020-03-28**

# پێشەکی


دوای بلاو بوونەوەی دەنگۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان و دەرکەوتنی چەند حالەتێکی تووشبوو لە پارێزگاکانی هەرێم، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لەژێر چاودێری وەزارەتی پلاندانان لەبەرواری 24/3/2020 هەلسا بە ئەنجامدانی ئەم راپرسیە بەشێوەیەی Online بۆ ماوەی 48 کاتژمێر و بۆ وەرگرتنی رای گشتی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لەم باردوودۆخەی هاتۆتە ئاراوە بۆ ئەوەی ئەنجامەکانی ئەم راپرسیە ببێتە رێنیشاندەرێك و بەرچاوروونیەك بۆ حکومەت و گرتنەبەر و دانانی پلانی پێویست لە دژی بلاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە.

- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆیەکەم جارە راپرسیەکی لەم شێوەیە بەرێگای Online ئەنجامبدات لەوانەیە لە داهاتوو بە پێی پێویستی باردوخەکە راپرسی تری لەم شێوەیە ئەنجامبداتەوە.
- بەشێوەیەکی گشتی 49037 کەس بەشداریانکرد لەم راپرسیەدا.
- 48082 کەس لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەلەبجە، ئیدارەی گەرمیان و راپەرین) بەشدار بوون لەم راپرسیە.
- 955 کەس لەدەرەوەی پارێزگاکانی هەرێم بەشداربوون (دانیشتوانی دەرەوەی عێراق دەگرێتەوە).
- **ئەنجامەکانی ئەم راپرسیە رەنگدانەوەی رای ئەو کەسانەیە کە لە راپرسیەکە بەشدارییان کردووە.**

# ڕێژەی سەدی بەشداربووان بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون




# ڕێژەی سەدی بەشداربووان بەپێی ڕەگەز و شوێنی نیشتەجێبوون





هێڵکاری سەرەوە پێشان دەدات کە جیاوازی کەم بە دی دەکرێ لە ڕێژەی بەشداری هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە هەرێمی کوردستان ڕێژەکە بۆ ڕەگەزی نێر(55.4%) و بۆ ڕەگەزی مێ (44.6%) یە و لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێرکەمترین جیاوازی هەیە بەو شێوەیە بۆ ڕەگەزی نێر (53.1%),(54.1%) و بۆ ڕەگەزی مێ (46.9%),(45.9%) یەک لە دوای یەک, بەڵام لە پارێزگای دهوک جیاوازییەکە زۆرترە کە بۆ ڕەگەزی نێر (69.1%) بوو و بۆ ڕەگەزی مێ (30.9%).

# ڕێژەی وەڵامدەران بە پێی گروپەکانی تەمەن و شوێنی نیشتەجێبوون





هێڵکاری سەرەوە پێشانمان دەدات کە بەرزترین ڕێژەی بەشداربوو لە هەرێمی کوردستان گرۆپی تەمەنی ٢٥-٣٤ ساڵانە (33.4%) دواتر ١٨-٢٤ ساڵانە(26.3%) و کەمترین لە گرۆپی تەمەنی ٦٥ساڵان و سەرووترە (0.7%) .

# بەهەند وەرگرتنی نەخۆشی (ڤایرۆسی کۆرۆنا)




لە هێڵکاری سەرەوە دەرکەوتوو کە  لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان بە زۆرهەند وەرگرتن و هەند وەرگرتن نەخۆشی (ڤایرۆسی کۆرۆنا) بەرزە و رێژەکەیان( %57.8), ( %29) یەک لە دوای یەک. هەروەها جیاوازییەکی کەم لە نێوان هەردوو رەگەزی نێر و مێ هەیە لە بە هەند وەرگرتنی نەخۆشییەکە, بە لاَم لە هەمان کاتدا نزیکەی %1 بڕوایان بەو نەخۆشییە نییە.


# بەهەند وەرگرتنی نەخۆشی (ڤایرۆسی کۆرۆنا)





لە هێڵکاری سەرەوە بەهەند وەرگرتنی نەخۆشی (ڤایرۆسی کۆرۆنا) پیشان دەدات لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان کە لە گرۆپی تەمەنی ٦٥ سالان و سەرووتر زۆرترین بە هەند وەرگرتنیان هەیە کە ڕێژەکان بۆ زۆر بەهەندم وەرگرتووە (73.3%) و بە هەندم وەرگرتووە (22.1%) و کەمترین ڕێژەکان بۆ گرۆپی تەمەن ١٨-٢٤ سالانە بەو شێوەیە بۆ زۆر بەهندم وەرگرتووە (43.9%) و بە هەندم وەرگرتووە (34.3%) و بەرزترین ڕێژە لە بڕوا نەبوون بەو نەخۆشییە کە ڕێژەکە دەکاتە 1.2% لەو گرۆپە تەمەنەدایە.

# بەهەند وەرگرتنی نەخۆشی (ڤایرۆسی کۆرۆنا)

## ڕێژەی وەلامدەران بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون




# باشترین رێگا بۆ خۆپارێزی لە نەخۆشی (ڤایرۆسی كۆرۆنا)





بە پێی بیر و بۆچوونی بەشداربووان لە چارتی سەرەوەدا باشترین سێ رێگا بۆ خۆپارێزی لە هەرێمی كوردستان و رەگەز بەو شێوەیە یەكەم: دووركەوتنەوە لە شوێنە قەرەباڵغەكان (84.5%), دووەم: شتنی دەستەكان بە شێوەی بەردەوام (77.8%), سێیەم: دەرنەچوون لە ماڵەوە(60.6%)

باشترین رێگا بۆ خۆپارێزی لە  نەخۆشی (ڤایرۆسی کۆرۆنا)
رێژەی سەدی وەڵامدانەوەی بەشداربووان بە پێی گروپی تەمەن




# باشترین ڕێگا بۆ خۆپارێزی لە نەخۆشی (ڤایرۆسی کۆرۆنا)

## ڕێژەی سەدی وەڵامدانەوەی بەشداربووان بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون




# پابەندبوونی هاولاتیان بە رێنماییەکانی (حکومەتی هەرێمی کوردستان)ی لە خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا





رێژەی پابەندبوون بە رێنماییەکانی (حکومەتی هەرێمی کوردستان)ی لە خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر ئاستی هەرێم زۆر بەرزە کە رێژەکە بۆ زۆر پابەندم (62%)و پابەندم (30.9%)یە, هەروەها رێژەکانی زۆرپابەندبوون (65.2%) و پابەندبوون (29.5%) بە رێنماییەکان لە لایەن رەگەزی مێ بەرزترە لە رەگەزی نێر کە زۆرپابەندبوون (59.3%) و پابەندبوون (32.1%)یە. بەرزترین رێژە لە پابەند نەبوون بۆ رەگەزی نێرە کە دەکاتە 0.9%.


# پابەندبوونی هاولاتیان بە رێنماییەکانی (حکومەتی هەرێمی کوردستان)ی لە خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا
## رێژەی وەلامدانەوەی کەسەکان بە پێی گروپی تەمەن



# پابەندبوونی هاولاتیان بە رێنماییەکانی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) لە خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا
# رێژەی بەشداربووان بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون




# کاریگەری ڕێکارەکانی حکومەتی هەرێم دژ بە ڤایرۆسی کۆرۆنا





بوونی کاریگەری ڕێکارەکانی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) لە دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شوێنی نیشتەجێبوون دەرکەوتووە کە ڕێژەکە بۆ زۆر باشە (57.2%) و باشە (29.8%) یە. هەروەها بە گشتی جیاوازییەکی کەم لە نێوان ڕێژەکانی هەردوو ڕەگەز بەدی دەکرێت کە ڕێژەکان بۆ ڕەگەزی مێ زۆر باشە (59.6%) و باشە (29.1%) یە و بۆ ڕەگەزی نێر زۆر باشە (55.2%) و باشە (30.3%) یە, بەڵام بوونی کاریگەری زۆر کەم و کەم لە هەڵسەنگاندن بۆ ڕەگەزی نێرە بەو شێوەیە: کاریگەری کەم (2.5%) و کاریگەری زۆر کەم (2.1%).

# کاریگەری ڕێکارەکانی حکومەتی هەرێم دژ بە ڤایرۆسی کۆرۆنا


## ڕێژەی بەشداربووان بە پێی گرۆپی تەمەن



# کاریگەری ڕێکارەکانی حکومەتی هەرێم دژ بە ڤایرۆسی کۆرۆنا
## ڕێژەی بەشداربووان بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون




# ئاستی بەرپرسیارێتی حکومەتی هەرێم لە رووبەرووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا





چارتی سەروە پێشانمان دەدات کەهاولاتیانی بەشداربوو لە راپرسییەکە لە بڕوایەدان کە ئاستی بەرپرسیارێتی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) لە رووبەرووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمدا زۆر باشە(57.6%) و باشە(28.8%) یە, بەڵام ئەم رێژانە جیاواییان هەیە لە نێوان رەگەزەکان , رێژەکان بۆ رەگەزی مێ (61.4%, 28.4%) و بۆ رەگەزی نێر (54.5%, 29.2%) ە , و لە هەمانکاتدا تەنها 2.8%ی بەشداربووان ئاستەکە بە زۆرکەم و (2%) بە کەم هەڵدەسەنگێنن.


# ئاستی بەرپرسیارێتی حکومەتی هەرێم لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا
## ڕێژەی وەڵامدانەوەی کەسەکان بە پێی گرووپی تەمەن



# ئاستی بەرپرسیارێتی حکومەتی هەرێم لە رووبەرووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا
## رێژەی وەلامدانەوەی کەسەکان بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون




## هەبوونی دڵەراوکێ لە لای هاوڵاتیان سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا





ڕێژەی هەبوونی (زۆر دڵەراوکێم هەیە, دڵەراوکێم هەیە و دڵەراوکێم مامناوەندیە) لە لای هاولاتیانی بەشداربوو لە راپرسییەکە سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شۆێنی نیشتەجێبوون دەکاتە %16.1, %29.7, 23.7 یەک لە دوای یەک کە کۆی ئەو ڕێژانە دەکاتە %69.5, بەڵام کۆی ئەم ڕێژانە لە هەبوونی دڵەراوکێ جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان رەگەزەکاندا بەم شێویە کۆی ڕێژەکە بۆ رەگەزی مێ (%76.9) ە و بۆ رەگەزی نێر(%63.5) ە, لە هەمانکاتدا بەرێژەی نزیکەی %11ی هاولاتیانی بەشداربوو دەڵێن کە ئەوان دڵەراوکێیان نییە و هەروەک لە چارتەکە بەدەرکەوتووە کە ڕێژەی نەبوونی دڵەراوکێ بۆ رەگەزی نێرنزیکەی دوو ئەوندەی رەگەزی مێیە.


## هەبوونی دڵەڕاوکێ  لە لای هاوڵاتیان سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا
## ڕێژەی وەڵامدەران بە پێی گروپی تەمەن



## هەبوونی دڵەراوکێ  لە لای هاوڵاتیان سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا
## رێژەی بەشداربووان بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون




# هەبوونی بڕوا لە لای هاولاتیان کە تووشی ئەم ڤایرۆسە ببن لە داهاتوودا





سەرووی دوو لەسەر سێی بەشداربووان لەو باوەڕەدان کە نازانن لە داهاتوودا تووشی ئەم ڤایرۆسە دەبن یان نە و تەنها یەک لە چواریان پێیانوایە کە تووشی نابن  و تەنها نزیکەی 6% دەڵێن کە تووشی دەبن.  بەڵام ڕێژەیە نازانم لە تووشبوون جیاوازی هەیە لە نێوان ڕەگەزەکان,  ڕێژەکە بۆ ڕەگەزی مێ (73.6%) ە و بۆ ڕەگەزی نێر (63.1%) و ڕێژەی تووشبوون بۆ ڕەگەزی نێر گەورەترە (6.4%).

## هەبوونی بڕوا لە لای هاولاتیان کە تووشی ئەم ڤایرۆسە ببن لە داهاتوودا


### رێژەی وەلامدانەوەی کەسەکان بە پێی گروپی تەمەن





هەبوونی بڕوا لە لای هاولاتیان کە تووشی ئەم ڤایرۆسە ببن لە داهاتوودا
ڕێژەی وەلامدانەوەی کەسەکان بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون
100.0
90.0
80.0
70.0
60.0
50.0
40.0
30.0
20.0
10.0
0.0
5.1
26.0
68.9
7.0
25.6
67.5
4.9
34.1
61.1
3.3
32.8
63.9
6.9
28.2
64.9
5.3
25.8
68.9
10.7
19.8
69.5
هەولێر
سلێمانی
دهوک
هەلەبجە
ئیدارەی گەرمیان
ئیدارەی ڕاپەرین
دەرەوەی هەرێم
بەلێ
نەخێر
نازانم


# سەرچاوەی سەرەکی وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا




یەکەم سەرچاوەی سەرەکی وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە لایەن بەشداربووان لە راپرسییەکە دەگەڕێتەوە بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕێژەی 51.5%, دووەم سەرچاوە تەلەفزیونە (50.7%), دواتر ماڵپەرفەرمییەکانە (37.6%) و کەمترین ڕێژە رادیۆ تۆماری کردووە (1.3%) لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان. رەگەزی مێ بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر پشت بە تۆرەکۆمەڵایەتییەکان بەستووە (53.1%)بە ڵام بۆ رەگەزی نێر (50.2%).


# سەرچاوەی سەرەکی وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا


## رێژەی بەشداربووان بە پێی گروپی تەمەن



# سەرچاوەی سەرەکی وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا


## ڕێژەی بەشداربووان بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون







بە پێی بیرو ڕای هاولاتیانی بەشداربوو لەو ڕاپرسییە سێ لە سەرەکیترین ڕێگا کە ئێستا بۆ خۆپارێزی لە دژی ڤایرۆسی بەکاردێنن ئەمانەن: یەکەم, شتنی دەستەکان بە شێوەی بەردەوام (76%), دواتر دوورکەوتنەوە لە شوێنە قەرەباڵغەکانە(66.1%) و سێیەمی ڕێگا مانەوە لە ماڵە(62.1%)


## سەرەکەترین رێگاکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کە لە ئێستادا رەچاوی دەکەن
## رێژەی وەلامدانەوەی کەسەکان بە پێی رەگەز




# سەرەکەترین رێگاکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کە لە ئێستادا رەچاوی دەکەن
# رێژەی وەلامدانەوەی بە پێی گروپی تەمەن



# سەرەکەترین رێگاکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کە لە ئێستادا رەچاوی دەکەن
# رێژەی وەلامدانەوەی کەسەکان بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون




گرنگترین کێشە کە ئێستا تووشی هاولاتیانی بەشداربوو بووە





بە پێی بۆچوونی هاولاتیانی بەشداربوو لەو راپرسییە دوو لە گرنگترین کێشە کە تووشی بوونە بریتین لە: یەکەم, ئابووری(73.7%) واتە لە هەر ٤ کەس ٣ کەسیان کێشەی ئابووریان هەیە دووەم, بێکارییە (44.4%), بەڵام هەبوونی کێشە لە بوارەکانی تەندروستی, پەروەردە و کۆمەڵایەتی بە پێی رێژەکانیان زۆر نزیکن لە یەکتر بەو شێوەیە کە یەک لە چواری خەلکی کێشەیان لەو بورانەدا هەیە.


گرنگترین کێشە کە ئێستا تووشی هاولاتیانی بەشداربوو بووە
ڕێژەی وەلامدانەوەی کەسەکان بە پێی گروپی تەمەن



# گرنگترین کێشە کە ئێستا تووشی هاولاتیانی بەشداربوو بووە
# رێژەی وەلامدانەوەی کەسەکان بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون




## رای بەشداربووان لەسەرتوندتر و درێژکردنەوەی ڕێکارەکانی( قەدەغەی هاتووچۆ , پشوو) تاکۆتایی هێنانی بە مەترسی بوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمدا




بە پێی بۆچوونی بەشداربووان لەو ڕاپرسییەدا پێیانوایە کە توندکردن ڕێکارەکانی ( قەدەغەی هاتووچۆ , پشوو) تاکۆتایی هێنان بە مەترسی بوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمدا زۆر گرنگە و بەرێژەی 85% پشتگیری حکومەت دەکەن و هەروەها ئەم ڕێژەیە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ جیاوازی هەیە بە شێوەیەک کە ڕەگەزی نێر زیاتر ئارەزووی درێژکردنەوە و توندترکردنی ڕێکارەکان ناکات بە ڕێژەیە 9.7% بۆ ڕەگەزی نێر و 5.9% بۆ ڕەگەزی مێ.

رای بەشداربووان لەسەرتوندتر و درێژکردنەوەی  رێکارەکانی( قەدەغەی هاتووچۆ , پشوو) تاکۆتایی هێنانی بە مەترسی
بوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمدا
رێژەی وەلامدانەوەی کەسەکان بە پێی گرووپی تەمەن



# رای بەشداربووان لەسەرتوندتر و درێژکردنەوەی  رێکارەکانی( قەدەغەی هاتووچۆ , پشوو) تاکۆتایی هێنانی بە مەترسی بوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمدا
## رێژەی وەلامدانەوەی کەسەکان بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون

